**تێکۆشان**، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

## بۆ تیشك خستنە سەر هێندێك بابەتی هەنوکەیی تایبەت بە هێزە ئۆپۆزسیونەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆڵ و هەماهەنگیان، زاری کرمانجی ئەو دیمانەیەی لەگەڵ بەڕێز و تێکۆشەر بابەشێخی حوسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ساز کرد. لەو ژمارەیەی تێکۆشان سەرنجی بۆ بەشێك لەو دیمانەیە ڕادەکێشین



**زاری کرمانجی: بە پێی ئەو مێژوویی‌یەی کە سازمانی خەبات هەیەتی، پێگەی جەماوەری خۆتان چۆن دەبینن؟**

وەڵام: بەڕاشکاوی دەڵێم هەموو حیزبە کوردیەکانی ئێران ناتوانن بڵێن ڕازین لەرادەی پێشووەچوونی خۆمان، ئێمەش وەکو سازمانی خەبات دەتوانم بڵێم پێگەمان هەیە، من دەمەوێ یەك خاڵ دەسنیشان بکەم، کە جێگەی دڵخۆشیە، دوای کونگرەی سێهەم و بە پێی ئەو ڕاپۆرت و چالاکیانەی دەکرێن هەست دەکەین لەپێشکەوتن داین لەچاو ساڵانی ڕابردوو، ئێستا لەناوخۆی کوردستان لەزۆر شوێن ڕێکخستن و ئەندامان هەیە، بەڵام تەواو لەخۆمان ڕازی نین، چونکە خەبات کاری زۆر زیاتری دەوێ، ڕەنگە ئێمەش وەك پێویست نەبووبین، ئەو ڕەخنەیش لەخۆمان دەگرین، بەڵام زۆر هۆ هەن بۆ لاواز بوونی ڕێکخستنەکانمان، بۆ نمونە هەلومەرجی باشووری کوردستان، پێش دامەزرانی حکوومەتی هەرێم و هەبوونی بەرەی کوردستانی و دەسەڵاتەکان و فشارەکانی ڕژێم ئەوانە کۆمەڵێ ڕێگری بوون، کە ئێمە وەك پێویست کارەکانمان جێبەجێ بکەین، ئەوە زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر ئێمە.

*** کاریگەرییە ناوخۆییەکانی ئێران چی بوون لەسەر ئێوە؟**

ـ ئەگەر جەور و ستەمەکانی ڕژێمی ئاخوندی بڵێی نەك نەیتوانیووە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی توانا و هێزی ئێمە، بەڵکو بۆتە هۆی خۆراگری زیاتر، بەڵام هێندێك کێشە وراستی هەن، ئامادەیی هەر هێزێکی سیاسی لەناو جەماوەر کاریگەری دەبێت، بەڵام ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی باشوور سیاسەت و پلانەکانمان دارشتووە.

***: لەسەر ئاستی جەماوەری و سیاسی و ڕۆشەنبیری، ئۆپۆزسیونی کوردی ڕۆژهەڵات بەرەو لاوازی دەچێت، خەڵکیش هۆکارەکە بۆ ناکۆکی نێوانیان دەگەڕێننەوە؟**

ـــ لەراستیدا ئەو قۆناغە پێویستی بەراستگۆیی هەیە، ناکۆکی لەنێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان هەیە و کاریگەری خۆشی هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە بگەرێینەوە ئەو ناکۆکیانە بەو شێوەیە نەبوونە، ڕاستە لەقۆناخی ئێستا دا ئەو ناکۆکیانە چوونەتە سەر ئەو کێشە و گرفتانە، کە لەرابردوو دا هەبوونە، ئەو ناکۆکیانەی کە ئێستا دروستبوونە من بەشێکی دەگەڕێنمەوە بۆ بێ توانایی‌یمان و لەهێزێکی چالاکی تۆکمە و کاراوە بووینەتە هێزێکی ماندووی تەمبەڵ.

***: هۆی چییە کۆمەڵێك خەڵکی بژاردە لە حیزبە ئۆپۆزسیونە کوردییەکان نەماون، ئایا ئەوە پێوەندی بە کورسی پەرەستی و ناکۆکی نارەواوە هەیە؟**

ـــ ئەمە واقیعە، کە ئێمە لەشاخەوە هاتینەوە ناو کۆمەڵگا و زیاتر خۆمان بەشتە لاوەکیەکان خەریك کرد، ئەوە ڕێگری حکوومەت و بەرەی کوردستانی بوو، کە پێشتر ڕێگایان لێگرتین، ئێمەش ناچار بووین بۆ پاراستنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ ئەوەی بارگرژی لەسەر سنوورەکان دروست نەبێت و فشاریان بۆ نەهێنن دەستمان لەخەباتی چەکداری هەڵگرت.

***: گشت هێزە ئۆپۆزسیونەکانی ڕۆژهەڵات لەهەموو بڵاوکراوەکان و دانیشتنەکانی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی باس لەگرینگی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی دەکەنەوە، بۆ هەمووتان باسی دەکەن و نەهاتۆتە ئارا؟**

ـ چۆن دەکرێ لەو کەشە بەرەیێك دروست بێ، پێوەندی حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لەیەکتر جیابوونەوە، لەدەیەی شەستەکان و هەشتاکان خراپترە، من ناڵێم ئێمەش بێ هەڵەین، داواشمان کردووە بەرەی کوردستانی وەك قەوارە دروست بێت، بەڵام نەکراوە.

***: مەترسی ئەوەتان نییە ئەو کێشانە لەداهاتوو دا قووڵتر ببنەوە؟**

ـ ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات بێگومان بەو سروشتەی زاڵە بەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێران، ئەگەر ڕژیمیش بروخێ شەرێکی خوێناوی دروست دەبێ، بەڵام ئێستا دوورە.

***: پێتوایە ئۆپۆزسیونی ڕۆژهەڵات سوود لەو ئەزموونە تاڵە وەربگرێت، کە لەباشووری کوردستان هەبووە، وەك ناکۆکی و گەندەڵی ئیداری و نەشارەزایی لەسیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات؟**

ـــ ئەزموونمان لەمێژووە خوێناوییەکەمان وەرنەگرتووە، دەرکەوتووە چونکە پێش باشووریش شەڕمان هەبووە و دەمەقاڵێ لەنێوان سازمان و حزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەبووە، بەداخەوە هەموومان دەیبیستین و ئاگامان لێیە کە حزبەکانی کوردستانی ئێران، پەیوەندییان باش و پتەوە نییە، دەبێ ئەزموون لەشەری نێوخۆی کوردستانی باشوور و باقی کەموکۆڕییەکان وەرگرین، ئومێدەوارین ئەو شتانە ڕوونەدات.

***: بەڕێوەبردن پێویستی بەکادر و کاراکتەری بە توانا و شارەزا هەیە، تۆ پێتوایە بتوانن لەو جۆرە کادرانە پێ بگەیەنن، نەك وەك ئەو کادرانەی حیزبەکانی باشوور، کە لەشاخ بوون و ئێستاش پۆستی گرینگیان بەدەستەوەیە و ناتوانن بەڕێوەی ببەن؟**

ـ ئەو ئەرکی هەموو هێزێکی سیاسی و شۆڕشگێرە، ئەگەر ئەو خەباتەی بەراستی بۆ گەلەکەیەتی دەبێت کەڵك لەهەموو تواناکان وەرگرێ، ئێمە وەکوو سازمانی خەبات باوەرمان بەوە نییە، بۆ خۆمان بچینە ناو ئێران و ببینە خاوەن دەسەڵات، ئێمە باوەرمان بەوەیە گەلەکەمان بەرەو ئازادی ڕێنوێنی بکەین، کاتێ گەیشتینە قۆناغی ئازادیش، کەڵك لەهەموو تواناکان وەردەگرین، نابێ بڵێین تەنها ئێمە پێشمەرگە بووین و شۆڕشمان کرد، هەموو دەسکەوتەکان بۆ خۆمانن، بەڵێن دەدەم هەوڵ دەدەین ڕاستگۆ بین، ئێمە لەپلێنۆمی چوارەمی کونگرەی سێهەم، لێبووردنی گشتیمان دەرکردووە بۆ ئەو خەڵکانەی ڕۆژێك هەڵەیان کردووە، لەبەرامبەر سازمانی خەبات، ئەو حاڵەتەمان لەخۆمان دروستکردووە، لەوانەیە تەنیا سازمانی خەبات نەبێ ، ئەگەر ئێمە دڵسۆزی گەلەکەمان بین، دەبێ ڕێگاش بدەین سەردەرچووان لەدەسەڵاتدا بەشیان هەبێ.

*** پێوەندیتان لەگەڵ حزبەکانی باشوور چۆنە بە شێوەیێکی گشتی؟**

ـ بەدڵنیاییەوە لەگەڵ هەمووان باشە.

*** لەگەڵ سەرۆکی هەرێم دیدارتان هەبووە؟**

ـ بەفەرمی سەردانم نەکردووە، بەڵام لەگەڵ مەکتەبی سیاسی دانیشتنمان کردووە و داواشمان کردووە دیدارمان هەبێت، بەڵام لەبۆنەکان بینیوومانە و قسەمان کردووە.

***: دەکرێ بپرسین سەرچاوەی داهاتی ئێوە لەکوێوەیە؟**

ـ باوەڕ بکە سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتمان، کومیتەیەکمان هەیە کە لەئوورووپا داهات کۆدەکاتەوە و لەنێو خۆشماندا داهات لەنێو هێندێك لەدەوڵەمەندەکان کۆ دەکەینەوە.

***: ساڵی پاڕ ئێران ئۆپەراسیۆنێکی بۆ دەوروبەر و بناری قەندیل ئەنجامدا و تۆپبارانی خەستی ناوچەیەکی بەرفراوانی سنووری کرد، ئێستاش هێزێکی زۆری لەسەر سنوور کۆکردۆتەوە، پێتوایە نیازی ڕژیم لەکۆکردنەوەی ئەو هێزە چییە؟**

ـــ یەکەم ئەوەیە ترسێکی لەهێزە سیاسیەکان هەیە و بەشێکیشی بۆ ڕێگریە لەهەر جموجۆڵ و چالاکی سەربازی، لەهەموو سنوورەکان ئەو ئامادەگیەی سوپا هەیە، لەکەنداوی فارسیش هەیەتی، نەك تەنها لە قەندیل، هەروەها بوونی هێزەکانی ئەمریکاش هۆکارێکی دیکەی هێز کۆکردنەوەیە.

***: پێتوایە گۆرانکاری لەبارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران بکەوێت بە تایبەتی کە دەبینین گوشاری زۆر لەسەر دەسەڵات هەیە لەلایەن خەڵکەوە، هەروەها تێکچوونی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و زۆری ڕێژەی بەکارهێنەرانی مادە بێهۆشکەرەکان و کچانی سەر شەقامەکان، پێتوایە گۆرانکاری نێوخۆیی روبدات، بە بێ هاوکاری و دەستی دەرەکی؟**

ـــ واقعیی ئێران ئەوەیە، بە هێزی سەرمایەی ئابووری و نەوت و گاز توانیوویەتی پشت بە خۆی ببستێ، دەزگا سەرکوتگەرەکانی وەك سوپای پاسداران و ئیتلاعاتیشی زۆر باش ڕێکخستووە و هەموو توانستی خستۆتە ژێر دەست و دەسەڵاتێکی زۆری پێداون، تا ڕادەی کوشتنی ئەنقەست لەسەر سنوورەکان، ئێستا ڕێژەی لەسێدارەدان زۆر بووە و گرتنی زیندانی سیاسی زیادی کردووە، سەرەڕای ڕەخنەی زۆری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، بەڵام ئەوە بڕیارێکە ڕژیم داویەتی، کە بەو دوو شێوەیە دەسەڵات ڕابگرێ، لەنێوخۆ سەرکوتکردن و لەدەرەوەش ناردنی تیرۆریست و هاندانی تیرۆریزم بۆ نانەوەی ئاژاوەی ناوچەکە، ٨٠٪ کێشەکان بۆ دەست تێوەردانی ئێران دەگەڕێتەوە، حاڵی حازر ئەوە بە دوور دەبینم، ڕاپەرینێکی جەماوەری سەرانسەری بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات ڕوودات.

***: باسی سەرکوتکردنت کرد، بە تایبەتی لەرۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ چی هێزە سیاسیە کوردییەکان نەیانتوانیووە ڕۆڵی کارا بگێرن بۆ ئاگادار کردنەوەی دنیای دەرەوە لەو جەور و ستەمەی لەکورد دەکرێت؟**

ـ پێم وایە حیزبەکان ئەوەی توانیوویانە کردوویانە. ئێستا میدیا و هەواڵەرییەکان دەتوانن ڕۆڵی باش بگێڕن، یەك کەس لەئێران بگیرێ هەموو دنیا دەزانێ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەڵوێست وەردەگرن.

***: ئایا ئیتلاعات دەستی لەنێو ئۆپۆزسیون هەیە، بەگشتی و سازمانی خەبات بەتایبەتی؟**

ـ بێگومان هەوڵی خۆی دەدات، کاتی خۆی تەشکیلاتمان هەبووە، ئیتلاعاتی ئێران ناردوویەتی بۆ ئەوەی کار لەسەر ئێمە بکات، هەرکاتێك هەستمان بەشتێکی لەو جۆرە کرد، دەیگرین و دەیدەینە یاسا، ئەگەر نا دەڵێین بە خێر چی.

***

## ڕاپرسیی ١٢ی خاکەلێوە بۆچی بوو؟

ن: بیهروز ئەردڵان




مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پڕە لە هەورازو نشیوو گۆڕان. گەیشتن بە ژیانێکی ئازادو بەختیار، کەتێیدا ئینسان مافی پارێزراو بێ و خەڵك حکوومەت دەسەڵاتەکەی بۆخۆی دیاری بکات. فاکتەری بەهێزی سەرکەوتنی خەباتکاران و شۆڕشگێڕان و مرۆڤ دۆستان بووە.

خەڵکانی ئێران کە هەمیشە لەحاڵی پێشکەوتن دان و بۆ گەیشتن بە لوتکە مرۆڤایەتی خەباتیان کردوە، لەمێژووی ئێران دا خاوەنی گەلێك بەڵگەی مێژوین کەلە زۆر بارەوە بوونەتە ئیلهام بەخش بۆ وەڵاتانی دەوروبەرو تەنانەت وڵاتانی دوور و دژی ڕژێمە زاڵم و فیندەمنتالیستەکان خەباتیان کردوەو زۆر ڕژیمی سەرکوتگەر و یاغیان تەفرو تونا کردوە. نیزامی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتیان تێکەوە پێچاو لە خەباتێکی سەخت و دژوار بەسەر ئەو نیزامە دا سەرکەوتن.

ساڵی ١٣٥٧ کە ڕاپەڕینی خەڵکانی ئێران لەدژی سەرەڕۆیی پاشایەتی سەرکەوت خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی گەلانی ئێران دا. خەڵکی ئێران بە هەموو پێك هاتەکانی، ئامانجیان لەو ڕابوون و ڕاپەڕینە لەدژی نیزامی پاشایەتی، گەیشتن بە مافەکانیان بوون لە چوارچێوەی ئێران دا، بەڵام هەزار حەیف و سەد مەخابن ڕەنجیان بەخەسار چوو، لەجیات گەیشتن بە دەسەڵاتێکی خەڵکی و ژیانێکی بەختیار، ڕژیمێکی سەرکوتگەرو بناژو خواز و ماف پێشێل کەر باڵی بەسەریان دا کێشاو ئەوەی کە دەبوو لە مێژودا دوبارە نەبێتەوە دوبارە بۆوە. ئاخوند خومینی کە پێشوونەیێکی گوماناوی و تاریکی هەبوو لە هەستی مەزهەبی کۆمەڵێك خەڵکی شیعەو ساویلکە کەڵکی وەرگرت و بەراوردی جێگەو پێگەی خۆی لەناو ئێران، لە هەموو بەڵێنیەکانی کە لەپاریسەوە دابوونی پەشیمان بۆوە. خومینی نەك نەچووە حەوزە و لە دەسەڵات دوور نەکەوتەوە. بەڵکو دەستی دایە پیلان و نەخشە کێشان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئێران. یەکێك لە پیلانە شومەکانی خومینی وەڕێ خستنی ڕاپرسێك لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نا؟. ڕاپرسی بۆ کۆماری ئیسلامیت دەوێ یان نا، لە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ وەڕێ خرا. ئەو ڕاپرسیە بە بەشداری خەڵکی ٣٠میلیۆنی ئەوکات بەڕێوە چوو. دەنگی زۆرینە درا بە کۆماری ئیسلامی. خەڵکی ئێران کە تینووی دەسەڵاتێك بوون خەون و خەیاڵەکانیان بهێنێتە جێگەو ئەوەیان لەچوارچێوەی دەسەڵاتێکی خەڵکی دەبینیەوە، فریوی دروشمە بێ ناوەڕۆکەکانی خومینیان خوارد و ئەو نیزامەی کە دەنگیان بۆ دابوو، وەك ئاگر کەوتە گیانیان و گەورەترین بەڵای بەسەردا هێنان. ئەوانەی کە دەنگیان دا بە بوونی کۆماری ئیسلامی، خوازیاری حکومەتێکی گەلی و هەڵبژێردراو بوون بەمانای واقیعی. داوایان کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەساسی و ویلایەتی فەقێ نەبوو کە نەفەرێك بەجێگەی خەڵکی ئێران بڕیاربدا. ئەوەی کە گوتراو شیعاری بۆ درا لەگەڵ ناوەڕۆك و بیچمی دەسەڵات یەکی نەدەگرتەوە. بەوپێیە ئەو نیزامە هیچ جۆرە شەرعیەتێکی نەماو بەپێی یاساو عورفە نێو دەوڵەتیەکان هەڵوەشاوەیەو پێوەندی بە دەنگی خەڵکەوە نیە. نێوی کۆماری تەنیا ناوێکی بێ ناوەڕۆکەو بەهیچ جۆرێك تەعبیر ناکرێ کە ئەم نێوە بەمانای ووشە لەگەڵ ویست و داواکانی خەڵکی ئێران بێتەوە. کۆماری ئیسلامی ئاخوندان لەسەر بناغەی ویلایەتی موتلەقی فەقێ، بەواتای شورای نگابان و مەجلیسی خیبرەگان و مەجمەعی لێکدانەوەی نیزام و ئاخوندە عەمامە ڕەشەکانی دیکەیەو ئەوانە بۆخۆیان کلکیان لێك گرێ داوەو دەیبڕن و کورتی دەکەنەوەو دەیدورن و دیاری دەکەن.

دەنگی خەڵك بەهیچ جۆرێك وەرناگیرێ و ئەوەی کە لەلای ئاخوندان بایخی نەبێت ڕای جەماوەرە.

خەڵکی ئێران خەڵکانێکی ئازادو بیرمەندن و تەنیا لە قالبێك دا قاڵبیان نەبەستووە. دەنگی جیاواز لە وەڵات زۆرەو دەیان ڕای جیاوازی تێدایە. هەر نەتەوەو ئایین زایێك جۆرە بیرکردنەوەیێکی هەیەو بەجۆرێك دەڕوانن. سەپاندنی هەر جۆرە بەرنامەییێکی دوگماتیزم لەگەڵ ناکامی و شکست بەرەو ڕووە.

هەر دەسەڵاتێك کە مەبەستی ئازادی و دیموکراسی نەبێ ناتوانێ دەوام بهێنێ.

دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیش کە دژی هەر جۆرە ئازادی و دیموکراسیەتێکە لەگەڵ ویستی خەڵکانی ئێران یەك ناگرێتەوە. بۆ ڕاگرتنی نیزامی ئاخوندی دەیان ئورگانی سەرکوتگەرو بڕیارەدەر دامەزراون تا شەرعیەت بدەنە دەسەڵات و لە مەترسی بیپارێزن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ئورگانە سەرکوتگەرو ڕاگرانەدا، نیزامی ویلایەتی فەقێ بناغەی لەرزۆکە چونکە پێگەی جەماوەری نیە.

ڕژیمی ئاخوندی کە ڕژیمێکی بناژو خوازو ترۆریستە پێگەی خەڵکانی ئێرانی لە مەیدانی نێو نەتەوەیدا خەوشدار کردوە وای لێهاتووە کە کۆمەڵگەی ئازاد پشت لەو نیزامە بکەن کەئەوەش کاریگەری لەسەر پێوەندی خەڵکی ئێران لەگەڵ جیهانیان داناوەو بۆتە هۆی تەریك کەوتنەوەیان. ئێران بە هەموو پێك هاتەکانیەوە دەبێ ئەزمون لە ڕابردوو وەرگرێ و لە گۆڕانێکی نوێ کەلە ئارادایە کارەساتی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ دوبارە نەکاتەوە.